# داریوش:. یاوەری ڕێگەم بە

دیدار / چیمەن شەریف

**ئەو هەرجارەی جوانتر خۆی دەنوێنیّ جا چ لە ڕێگەی کارە هونەریەکانی یاخود چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان کە ئێستا گرنگی زۆرتر پێدەدا، ئەوەتا لە ژێر دروشمی گەڕان بەدوای کۆمەڵگایەکی تەندروست. داریوش ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٩/٢٩ هاتە لەندەن بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە سیمینارێکی پێنج کاتژمێریی بۆ وریا کردنەوەی گە نجانی هەندەران و دژوەستان لە ڕووی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دووچاری هاتون کە گرنگترینیان بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان، منداڵانی بێسەرپەرشت، تەلاق و خۆکوشتنن.**

خوگرتن یا ئاڵوودەبون بە مادە بێهۆشکەرەکان لە جگەرە و کەول دەستپێدەکات و بە کۆکایین، هیرۆین و ئەسید تێپەردەبیّ و بە داخەوەش بە کۆمەڵێك گرفتی ئاڵۆزی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆتاییپێدیّ، سەرپەرشتی کردنی کەسایەتیەکی وەکو داریوشی نازەنین لەو کامپەینەدا کاریگەری زۆری هەبوو و گوڕوتینێکی بنیاتنەرانەی دا ئاڵوودەبووان بۆ کۆششکردن بۆ پێشگرتن لەو دەردە کوشەندەیە، ئەو زۆر راستگۆیانە دان بە ناشیرنیەکانی مادەی بێهۆشکەر دادەنیّ کە ڕۆژیّ لە ڕۆژان ژیانی خۆی داوەتە دەستی، بە هاوکاری لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی پسپۆر و شارەزا لە بوارەکانی سایکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی و پۆلیسەوە داریوش شەش ساڵ زیاترە ڕێکخراوی "ئاینە" ی دامەزراندوە بە مەبەستی کۆمەککردنی هاونیشتیمانیان و عاشقانی خۆی لە سەرتاسەری جیهان بۆ بەرانگژبوونەوەی گرفتە کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکان، پاش دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە داریوش وەك کەسێکی خەمخۆری چالاك پشتگیری خۆی بە هەردوو لایەنی مادیی و مەعنەویی بەردەوام نویّ دەکاتەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی سەدان سیمینارو کۆڕ و کۆبوونەوە لە سەرتاسەری جیهان هەر بۆنمونە دەستکەوتی دواهەمین سیدی کە بە ناوی (راهی) بوو، بۆ ئەو مەبەستە بەخشی کە ئەو پێی وابوو دەستکەوتی زیاتری دەبوو ئەگەر گرفتی کۆپیکردن نەبا! گۆرانی راهی وەك هەمیشە یەکێکە لە



جوانترین گۆرانییەکان و هەڵگری پەیامێکی بەرزە.. ئەوەتا میلادی کوڕی دەدوێنیّ و دەڵیّ:.

در تب و تاب رفتنم به فکر راەی شدنم
تو ای همیشه همسفر مرا شناختی تو اگر
نفس اگر امان نداد روی خوشی نشان نداد
رفت و دوباره برنگشت مرا دوباره جان نداد
دست و زبان من توباش نامه رسان من تو باش..
بگو حکایت مرا قێه ەجرت مرا..
تو جان من باش و بگو...
به یاد من باش و بگو میلاد من باش و بگو
بگو که میل من کسی به پای عشق سر نداد
از یێن سوی یێبی یێب خبر نشد خبر نداد

دوای تەواوبوونی سیمینارەکە لەناو ریزی سەدان کەس کە چاوەڕێی وەرگرتنی واژۆکەیان دەکرد خۆشبەختانە توانیم لە نزیکەوە بیبینم و وەڵامی ئەو چەند پرسیارەی لێ وەرگرم:.★ ڕێکخراوی (ئاینە) دەتوانێت چ خزمەتێك بکات؟.

ئەو ڕێکخراوە پێکهاتووە لە چەند کەسایەتیەك، کە هەر یەکێکییان پسپۆرن لە بواری جیاوازدا و هەریەکێکییان دەتوانن کاریگەری خۆیان دابنێن لەسەر بیرو تێگەیشتنی تاکەکان لە کۆمەڵ، دووبارەبوونەوەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە گرنگی خۆی هەیە،بۆیە ئێمە چەند بچینە ناو خەڵك و پەیامەکەمان ئاشکرا بکەین ئەوەندە هۆشیاری لای خەڵك دروست دەبێ و لە ئەنجامدا تاك بە ئاسانی دەستەمۆ ناکرێت، لەوانە د. حوسێن لاجوردی، د.دانش فروغی، د.ئیرەج شەمسیان هەروەها فەرماندەی پۆلیسی رۆژئاوای لەندەن عەلی دیزایی و کەسایەتی تر لە وڵاتە جیاجیاکاندا کە سوپاسیان دەکەم.★ هونەرمەند دەتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت؟ چۆن؟. من بەشێکم لە خانەوادەی هونەری ئێرانی، کۆمەڵ هەمیشە تەماشای هونەرمەندان دەکا بۆیە سروشتیە کە هونەرمەندان هەمیشە لە ریزی پێشەوەبن لەبەر ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێت بەوەی دەبێ ئەوان دەست پێشخەر بن لە دەرخستنی کەموکوریەکان دەبێ خۆشەویستی و یارمەتی ببەخشنە نەوەی نوێ کە بڕوام وایە هەریەکێك لە ئێمە دەبێ لەوە بگات کە تەنیا لێپرسراو نییە لە بەرامبەر ژیانی خۆی بەڵکو دەبێ هەست بە لێپرسینەوە بکات لەبەرامبەر کۆمەڵ جا ئەو کۆمەڵە لەناوەوە بێت یا پەراگەندەی دەرەوە، تاك نابێ چاوەڕێی ئەوە بکات کەسێك بێت و پێی بڵی وا بکە و وا مەکە چاکسازی لەوێوە دەستپێدەکات کە هەرکەسێك دەردی خۆی بزانێ چییە و هەوڵی پێشگرتن و چارەسەرکردنی بدات. مامۆستا با بیر کاتەوە چۆن چاکسازی بکات، دکتۆر لە بواری خۆیدا، خوێندکار و کرێکار هەر کەسێك لە بواری خۆیدا ئێمە دەبێ بەرەنگاری ئەو ژیانە ببینەوە کە ناتوانین پێشبینی بکەین! ★ تۆ کەسێکی بە ئومێدی یا نا؟ ئەگەر نا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

ـ بلێم چی؟ نامەوێ نائومێد بم! دەبێ بەردەوام هزر دروست کەین، هزری جوان، هەستی جوان.. تا بتوانین عاشق بین تا بتوانین خۆشبویسترێین بەو شێوەیە دەتوانین بێ ئومێد نەبین ،بزانە بێدینبوون، بێبەزەیی و درۆکردن چۆن بەسەرماندا رژایە....بۆیە وەك برخت دەڵێ: با نەعلەت لەدرەختی گۆج نەکەین با رەگە ناهەموارەکان لە ڕیشەوە دەربهێنین و زەمینی ناهەموار خۆش بکەین..دەزانم ئەوە کارێکی زۆر گرانە بەڵام دەبێ کۆشش بکەین،لە سیمینارەکەدا باسی لە خاڵێکی زۆر گرنگ کرد ئەویش مەسەلەی ئامار بوو ئەو دەیگوت:.ئەگەر بمانەوێ لە ڕەوتی جیهانگەریی بەدوانەکەوین ئەوا دەبێ زۆر گرنگی بە ئامار بدەین چونکە ئەگەر بە ئامار قسەت کرد ئەوا کەس ناتوانێت بۆچوونەکانت ڕەتبکاتەوە.. بەمە دەتوانیت مافی خۆت بپارێزیت. ئەو سەردەمە تێپەری کە بە هەڕەمەیی و بێبەڵگە داوای ماف بکەیت بۆیە دەبێ فێربین چۆن بە ئامار کارەکانمان لێکدەینەوە، هیچ لەو کچانەی کۆڵانەکەمان زەوقیان بە داریوش نەدەهات ئەوان خولیای (راغب و تاتلیساس) بوون کە بۆمن مایەی سەرلەقاندن بوو! ئەوەیان بە چاو دادەدامەوە کە داریوش کابرایەکی دەرمانخۆرە هەمیشە لێیان دەپرسیم بۆ ئەوەندە گوێی لێدەگری؟ بەڕاستی بە دزیەوە ئەو پرسیارەی ئەوانم لە خۆشم دەکرد! زۆریش عەودالی وەڵامێکی ڕوون بووم بەڵام بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ دابی نە ئەو کچانەی برادەرم لە سەرسامیی من گەیشتن بۆ ئەو هونەرمەندە و نە منیش گەیشتمە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە چون من هەمیشە پێم وایە کە کەسایەتی هەر هونەرکارێك دەبێ و پێویستە لە هونەرەکەی جوانتر و بەرزتر بێت چونکە تەنیا ئەو کاتە مرۆ دەبێتە

هونەرمەند کاتێك لەناو هەر هەموو هەڵسوکەوتە مرۆییەکانی مرۆڤ بوون دەتوێتەوە بە واتای ئەوەی مرۆڤ یەکەمجار دەبێ مرۆڤ بێت ئینجا بۆی هەیە دەست بۆ کاری هونەری ببات!! بە پێچەوانەی ئەو رایەی کە دەڵێ کەسایەتی گرنگ نییە، گرنگ ئاستی هونەرەکەیەتی!! بەڵام نازانم بۆچی نەمتوانیوە ئەو بۆچوونەی خۆم لە کەسایەتی داریوش ببینمەوە مەبەستم ئەوەیە کە هەرگیز نەمتوانیوە بڵێم لەبەرئەوەی داریوش کەسێکی ئاڵوودەیە کەواتە نابێ گوێی لێبگرم بە پێچەوانەوە هەمیشە هەستم کردوە ئەو کەسێکی جیاوازە لەوانیدی بۆیە تا ئێستاش بە کەسێکی ناوازەی دادەنێم بەڵگەشم وەڵامی ئەو پرسیارەی خوارەوەیە: دانپێدانان و بڕیاردان دوو کاری زۆر زەحمەتن چۆن توانیت خۆت لەو ڕێیانە بدەی؟ کۆشام لەگەڵ خۆم راست بم چیدی درۆ لەگەڵ خۆم نەکەم، دانم بە شکستی خۆم هێنا، لەژێرپەردەی لەخۆبایی بوونی درۆزنانە خۆم نەشاردەوە ئینجا توانیم ئەو بریارە بدەم بۆیە ئەو کاتەی کە رازیبووم دان بەوە دابنێم کە شکستم هێنا لە بەرامبەر مادەبێهۆشکەرەکان زانیم کە ئیدی ڕێگەیەکی ترم لەپێش نییە،ئاڵوودەبوون ژیانی منی کۆنترۆل کردبوو ..من دەمزانی ئاستەمە بەڵام گرنگ ئەوەبوو من سۆربووم لەسەر ئەوەی بریارێك بدەم کە چارەنووسی منی لەدەست بوو، یا دەڵێ: هەڵسوکەوتە باشە مرۆییەکان کە لە سەردەمی ئاڵوودەییم لە دەستم دابوو کۆششمکرد بەدەستیان بهێنمەوە.. باشە چۆن دەکرێ بڵێین ئەو مرۆڤە کەسێکی جیاواز نییە؟ چۆن دەتوانی رێز لەو جەربەزەییە نەگری؟ ئەدی ئەوە نییە شتە ناحەزەکان لە ژیانی خۆی دەربەدەردەکا و مانایەکی جوان بە بەر ژیان دەکا!؟ جاران ئەو دروشمی خەبات و شۆرش بوو لە دژی دەسەڵاتی زەبروزەنگ لەدەرەوەی خود ئێستاش خەریکی شۆرشێکە لە دژی خود..خودێکی نابووت و نەخۆش کە کاریگەری زۆر کوشەندەترە لە توندو تیژی دەسەڵات، وەك دوا قسەشی سڵاوی خۆی ئاراستەی خەڵکی کورد کردو گوتی: ( من زۆر ئەوانم خۆش دەوێ و رێزیان دەگرم)٭ لەبەر گرفتی کۆمپیوتەر نەمتوانی لەکاتی خۆیدا بڵاویکەمەوە.